گرێبەستی نوێی فڕۆشتنی سەربازی عێراقی و ئەمریکی بە بەهای 90 ملیۆن دۆلار

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕەزامەندی نیشان داوە لەسەر گرێبەستکی نوێ بە فڕۆشتنی کۆلوپێل و خزمەتگوزاریی سەربازی بە عێراق، کە بەهایەکەی دەگاتە 90 ملیۆن دۆلار و تایبەتە بە پڕۆپەدانی سیستەمە ئەمنییەکانی پشکنین لە دەروازە سنووریەکاندا.

بە گوترەی ڕاپۆرتە سەربازییەکانی (Technology Army)، ئەم گرێبەستە پشتگیریی لۆجستی و تەکنیکی بە سیستەمکانی (XPL VACIS) دابین دەکات، کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە پشکنینی وردی ئۆتۆمبێلەکان بەکاریان دەهێنێت، هەروەها ئەم سیستەمانە توانای ناسینەوە و دۆزینەوەی چەک، تەقەمەنی، ماددەی هۆشبەر و ماددە مەترسیدارەکانی وەک (کیمیایی، بایۆلۆجی و ئۆتۆمیان) هەیە.

جەختی لەوەش کردووەتەوە، پڕۆژەکە بە ماوەی دوو ساڵ خزمەتگوزارییەکانی "چاککردنەوە، دابینکردنی پارچەی یەدەگ، نوێکردنەوەی سۆفتوێر و چاودێریی 24 کاتژمێری" دەگرێتەوە، کۆمپانیای "لایدەس" ی ئەمریکی وەک لایەنی سەرەکی بە جێبەجێکردنی کارە ئەندازیارییەکان دەستنیشان کراوە.

لەم بارەیەوە ئاژانسی هاوکاریی ئەمنیی بەرگریی ئەمریکا، هایگیاندووە، ووردەکاری ئەم گرێبەستە بە کۆنگرەس راگەیەندراوە و دیدگای ئەوانیش وایە کە ئەم هەنگاوە تواناکانی عێراق بە رووبەووونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکانی ئێستا و داهاتوو بەهێزتر دەکات و هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.